# مەلا بەشیر و د کەمال سەید قادر

## تەها ئەمین هەڵەدنی

مەلا بەشیر بە هەموو توانای خۆی ، دژی ئەو تیلماسکە ڕۆشنناییەی کە کوردو خاکەکەی گرتۆتەوە ڕاوەستاوەو هەموو هێزی خۆی خستۆتە کار تا لەباری بەریت ونەهێڵێ نۆبەری هێمنی وئاسایشی ڕوو لە گەلی کوردی چەوساوەبکا.

ئەو بە ئاشکرا بۆ چوونکانی خۆی بەیان دەکا و پێویست بە توێژینەری تایبەتی ناکا، تا بزاندرێت چی لەژێ سەری مەلا بەشیردا هەیە.

بە ئاشکرا هاودەنگی خۆی لەگەڵ کۆمەڵ کوژیە سڤیلیەکانی دەردەبڕێت.

هەمیشەش لە سەکۆی مزگەوتەکانەوە وانەی تیرۆر دەڵێتەوە، گەنجی بێچەک لە مەعریفە پەروەردەی خۆ کوژی دەکا. بەداخەوە کە ئەو مەلا تاریکستانیە هەرکە دێتە گۆ سەرجەم ووتەکانی سووکایەتیە بە مرۆڤایەتی، بە نەتەوەی کورد، بەڵام لە ئەنجامی بێ چەکی بە مەعریفە، خەڵک لەدوای سووکایەتیەکانیەوە، پەڵمە گریان دەبن.

مەلا لە سێدێی بەناوی حجابەوە بە خەڵکی ئەڵێ:گورگ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی خەڵکەکە بڵێن خۆت گوورگی، خۆت نەفاموو پەروەردەی جەهلی، ئەفسووس خەڵکەکەبەو ووتە نامقوڵیانە گریانیان دێ.

کاتی مەلا  ڕووی دەمی لەخەڵک دەکاو ئەڵێ: خوا خوێنی بەقەرز بە ئێوە داوە ، دەبێت ئێوە قەرزەکە بدەنەوە. واتا: دەبێ خوێنی خۆتان بکەنە قوربانی بۆ داخوازیەکانی خوا.

خۆتان بتەقێننەوە، خەڵکی بکوژن، خوا خوێنی بە قەرز پێداون، دەبێ لەکاتی پێویستدا بیدەنەوە.

بەڵگە نەویستە کە مەلا هەرزەکاران هانی خۆ کوژی دەدا، بەڵام بەداخەوە، لەداوی وانەی تیرۆری مەلاوە خەڵکەکە بەیەک دەنگ وەک کۆرسی گۆرانی، شین و واوەلایانە.

مەلا هەزاران تەڵەی بە هێنی تەقاندۆتەوە، دەزانێ کە چۆن قسە بکا، دەزانێ کە چۆن قسەکانی کاریگەری خۆی لەسەر خەڵکی دادەنێ. ئەنجامەکانیش کۆمەڵ کوژیەکانی کوردوستانە.

پێشینان ووتوویانە: دووگا بچنە دۆڵێک، خوی یەک نەگرن، ڕەنگی یەک دەگرن.

جیهانی سۆفی، کە دکتۆر حسێنی خەلیقی وەریگێڕاوەتە سەر کوردی ئەڵێ: کە کتێبی خۆکوژی لە نەمسا بڵاو بوەوە، خۆ کوژی بە ڕێژەیەکی بەرز پەرەی سەند، کەوای کرد، دەسەڵاتدارانی ناچار کرد، کە بە خێرایی ئەو کتێبە کۆبکەنەوە لە بازاڕدا و بگەڕێن لە هەر شوێنێک شتێکیان لەو بارەوە چنگ کەوت، دەستی بەسەردا بگیردرێت.

بۆیە دەبوو دەسەڵاتداران هەرچاوێکیان بکردایە بەچوار چاو، تا بزانن هاودەنگەکانی مەلا بەشیر خەریکیچین.

بۆ نەپرسین، بۆ مەلا بەشیر هێندە هاو دەنگی زۆرە لە هەولێر؟

ئەرێ کەسێک نەبوو بپرسێ مەلا بەشیر و مەلا زانا جیاوازیان چیە؟

بۆ زانیاری زیاتر دەربارە مامۆستاکانی تیرۆر، تکایە سەیری ئەم لینکە بکە و بزانە کە ئایا وتەکانی مەلا بەشیر هەموو بۆنی خوێنیان لێنایە.

بخوێنەوەو بزانە وانەکانی مەلا بەشیر هەموو، وانەی تیرۆر خۆ تەقاندنەوە نین؟
http://regayrasty.com/wtar/wtary-mamostayan.htm

دەبوو مەلا بەشیریەکان وەک کتێبی خۆکوژی لە کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە، دەبوو مەلا بەشیریەکان لە زینداندا بن، نەک دکتۆر کەمال سەید قادر.

وا نزیکەی 60 ساڵە ئارمی دیموکراتیوو ئازادیتان بەرز کردۆتەوە.

خۆتان وانەی دیموکراتی و مافی مرۆڤتان کردۆتە وێردی سەر زمانی خەڵک، کەی دەگونجێ هەر خۆتان دژی دیموکراتی ڕاوەستن؟

دەبا  بۆ هەمیشە دەنگ و ڕەگی تێڵا لەناوچەکەماندا ڕیشە کێش بکەین، با خۆمان بگەییەنینە جیهانی شارستانیەت.

لەڕاستیدا بەو جۆرە هەڵسوکەوتە لە ڕەفتاری بەعسیزم دوورناکەوینەوە، بەم شێوەش هەرگیز نابینە نمونەی دیموکراسی ناوچەکە. لەو ڕوانگەشەوە مافتان نیە لۆمەی تورکیاو ئێران و سوریا بکەن. کە خۆتان هەمان ڕێباز ڕەچاو بکەن.

بۆیە وەک هەموو ئازادی خوازێک، داوای ئازادکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر دەکەم، بە بێ مەرج، لە پێناو چەسپاندنی دیموکراتیوو مافەکانی مرۆڤدا.

دەست بەجێش مەلا بەشیریەکان بخرێنە ژێر لێکۆلینەوەیەکی جدیەوە.